بەشی (1):

# نووسراوەیەك لە جان ئاپدایك

و. لە فارسییەوە: کامیل نەجاری

من یەکەم کورتەچیرۆکی خۆم بە ناوی "Ace in the hole" لە کۆتایی 1953 دا، ئەو کاتەی کە خوێندکاری ساڵی ئاخری زانکۆی هاروارد بووم، بۆ "ئالبێرت گرارد" کە مامۆستای خولی نووسەریی داهێنەرانە بوو، نارد. گرارد ئەو چیرۆکەی پێ خۆش بوو -وتی کە ئەوی ترساندووە کە مەبەستی جۆرێك لە پێداهەڵگوتنی ئیگزیستانسیالیستی بوو- و پێشنیاری کرد کە بینێرم بۆ گۆڤاری نیویۆرکێر. منیش ناردم بەڵام نیویۆرکێر رەتی کردەوە. بەلام هاوینی ساڵی دواتر کە زانکۆم تەواو کردبوو، کاتێك کە نیویۆرکێر چیرۆکێکی کورتی من بە ناوی "Friends from Philadelphia"و چەند شێعرێکی منی پەسند کرد، جارێکی تر "Ace in the hole"م نارد و ئەوجار پەسند کرا. لە مانگی ئاڤریلی 1955 دا لە ئاخری گۆڤارەکە دا بڵاو بۆوە.

ئەو چیرۆکە لە بیرەوەرییەکدا کە من لەو رۆژە خێرا و پڕ لە شەوقانەی ژیانی گەشەکردووی ئەدەبیی خۆم هەمە، تێکچنراوە. ئەو رۆژانەی کە هاوکات بوو لەگەڵ بوونی پڕ شکۆ و لەناکاوی "جی.دی.سالینجێر". پیاوێکی زۆر جوانچاك و باڵابەرز کە ئەوکات هێشتا نەچووبووە ناو تەنیایی و دوورەپەرێزییە بەناوبانگەکەی خۆی. ئەو لە پێشدا لەگەڵ من تەوقەی کرد و پاشان چووین بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرنووسەرە بەڕێزەکانمان، "ویلیام شائوون" و "کاترین وایت" فراوین بخۆین. ئەو وتی یا رەنگە کەسێك دواتر وتی کە ئەو وتی چیرۆکی "Ace in the hole"ی پێ خۆش بووە. چیرۆکەکانی ئەو کە من ئەوانم لە کلاسێکی نووسەریی داهێنەرانەی تر دیتبوو، پێشانی منیان دابوو کە ئەو قاڵبە ئەدەبییە، کە لە ساڵەکانی 1930 و 1940 دا ویشك و کورت بوو، چۆن دەتوانێ راستییەکی بەربڵاوتر لە ژیانی ئەمریکییەکان لە سەردەمی پاش شەڕ لە خۆی دا جێگیر بکا. بەڵام من زیاتر قەرزداری هێمینگوێی بووم کە هەڵبەت رەنگە زۆر وەبەر چاو نەیە. هێمینگوێی بوو کە پێشانی هەموومانی دا کە دیالۆگی "ئالیاژ نەکراو" (ناب و خالص) چەندە دەتوانێ ئاریشە و گرفت و ئاڵۆزییەکان بگوازێتەوە و ئەوەی کە تا چ رادەیەك، شیعر لە ناو ئاسایی ترین وشەکان دا شاردراوەتەوە. ئەو نووسەرانەی تر کە بۆ من مایە سەرسوڕمان و سەرمەشق بوون بریتین لە: فرانتس کافکا و جان ئۆهارا، مێری مەککارتی و جان چیور، دۆنالد بارتێلمێ و ولادیمیر ناباکوف، جیمز جۆیس و جیمز تێربێر و ئانتوان چێخۆف.

ساڵی 1975 کۆتایی یەکی باش و گونجاو بۆ "کۆمەڵە کورتەچیرۆکەکانی سەرەتایی" من بوو. ئەو ساڵە تاقە ساڵێك بوو کە تەواو لە تەنیایی دا تێپەڕم کرد. 22 ساڵ زەماوەندی من لەگەڵ کچێکی رەش ئەسمەری "تاك باوەڕ" کە خوێندنی لە زانکۆی "رێدکلیف" تەواو کردبوو بەرەو کۆتایی دەچوو. بەڵام ئەو زەماوەندە لە ناو تان و پۆی هەموو چیرۆکە سەرەتاییەکانی من دا بوونی هەیە. رەنگە بە بێ بڕوا و لەسەرەخۆیی و هەستیاری و تێگەیشتنی هاوسەری یەکەمم

دەمتوانی لە بواری ئەدەبیات دا سەرکەوتوو بم بەڵام ناتوانم بیهێنمە بەر چاو کە چۆن {سەرکەوتوو دەبووم}. ئێمە لە ساڵی 1957 بەملاوە لە "ئیپسۆویچ"، شارێکی گەورە و نایەکدەست و تەریك کەوتوو لە باکووری بۆستۆن دەژیاین و سەرچاوەی سەرەکیی من بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەم کە تا ساڵی 1960 چوار منالی ژێر شەش سالی لەخۆ دەگرت، فرۆشتنی کورتەچیرۆك بە "نیۆیۆرکێر" بوو.

ئەو ساڵانە خۆشحاڵ بووم کە بە نامە، لە ناوچەیەکەوە راپۆرت دەنێرم کە ئەگەر من نەبوایەم بە نەناسراوی دەمایەوە. ئەو شارە واتا "پیوریتێن" لە بواری دابین کردنی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆك و مێژووی سەرزارەکی، شارێکی تەواو دەوڵەمەند بوو. ئەگەرچی ئافراندن و بارودۆخی رۆحیی من تا رادەیەك تووشی گرفت ببوو، بەڵام ژیان لەو شارەدا و ژیان لەگەڵ منالگەلێك دا کە لە حالی گەشە کردن دا بوون و بە چاوە بریقەدارەکانی خۆیان هەر شتێکی نوێیان دەقۆزتەوە و ئەو شتەش هاندەری من بوو، هیچکات رێگایان نەدا کە من لەگەڵ کەمیی بابەت بەرەوڕوو بمەوە. من کە خۆم کوڕی شارێکی بچووك بووم، زۆر حەزم لە فەزای چیرۆکگەلی ناو شارە بچووکەکان بوو. شاری نیۆیۆرك، لەو 20 مانگەی کە من لێی نشتەجێ بووم، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی تر و گەلێك چەلەحانێی کەلتووری بەخۆیەوە دیبوو. نیۆیۆرك بۆ من ئەمریکای راستەقینە بوو، شارێکی زۆر یەکدەست کە هەڵگری ئەو بەرچاو تەنگییە تایبەتەی شارە بچووکەکان بوو وا ئێستا خۆی خەریکە دەبێتە مەترسییەك و خەڵك بۆ راکردن لەو بەرەو نیۆیۆرك کۆچ دەکەن. نیۆیۆرك شوێنێك بوو کە من خۆم بە هی ئەوێ دەزانی، نوقم لە کێشەگەلی ئاسایی و باو کە بە وەسف کردنێکی وردبینانە دەکرا بیانکەین بە بابەتگەلێکی زۆر ناوازە و نائاسایی. ئەو چەمکانە بوون بە هۆی پێکهاتنی گرنگترین سەفەری ژیانم. سەفەر بە فڕۆکە لە "مەنهاتەن"ـەوە ـ بە وتەی یەکێك لە قارەمانە لاوەکانم "شاری زێوین"ـ کە هەمیشە بە ئاواتەوە بووم تێی دا بژیم. شتی بەسودیشی لێ بوو کە منیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا: پارکینگی بەلاش بۆ ماشێنەکەم، خوێندنی گشتی بۆ منالەکانم، کەناری دەریا بۆ رەش ئەسمەر کردنی پێستی لەشم و کلێسایەك کە پیاو کاتێك سەردانی دەکرد، سەیر و سەمەرە نەدەهاتە بەر چاو.

من لە حالێکدا چوومە "نیو ئینگلاند" کە لە پێنسیلڤانیا گەورە ببووم و ئەو بابەتە کاریگەریی لەسەر نووسراوەکانم دادەنا. بەشی یەکەمی "کۆمەڵە چیرۆکەکانی سەرەتایی" بە ناوی "چیرۆکەکانی ئۆلینگێر" لە ساڵی 1964 بە شێوەی بەرگی شۆمیز لەچاپ درابوو و بۆ ماوەیەکی زۆر نایاب بوو. هەموو چیرۆکەکانی ئەو بەشە، لە هەمان چاڵی ئۆتۆبیوگرافی دەرکێشرابوونە دەرەوە، ـ تاقانە، شاری بچووك، ماڵی باوەگەورە، گواستنەوە لە مێردمندالی دا بۆ گوندێك ـ بەڵام لەو بەشە دا هیچ هەوڵێك بۆ یەکپارچەیی و پەیوەندییەکی مەنتیقی لە نێوان چیرۆکەکان، نەهاتۆتە ئاراوە.

هەروەك لە پێشەکیی کۆمەڵەکە دا نووسیومە: "ئیزنم داوە کە نایەکپارچەیی ناوئاخنی ئەو بەشە بمێنێتەوە. هەموویانم بە هەمان ریزبەندیی سەرەتایی هێناوەتەوە. لە چیرۆکی "Pigeon Feathers"دا، باوەگەورە دەمرێ و لە "Flight" دا دایەگەورە دەمرێ. لە راستیدا باوەگەورە و دایەگەورەم لە لایەنی دایکمەوە، تا کاتێك کە من گەورە بووم هەر زیندوو بوون. لە راستیدا بنەماڵەکەم کاتێك کە من 13 ساڵم تەمەن بوو، 11 مایل لە شار دوور کەوتبوونەوە. لە

"Friends from Philadelphia"دا ئەو مەودایە یەك مایلە و لە چیرۆکی "The Happiest Ive Been"چوار مایل. ئەو مەودا سەیر و سەمەرەیە،ئەو جیا بوونـەوەی من لـە دەوروبـەرم، جیابوونـەوەی گرینگـی ژیـانی منـە... قـارەمـانی چیرۆکـەکـەم هـەمیشە لـە کۆتـایی دا لـە دووری سەدان مایلەوە دەگەڕێتەوە." و من کە سەرمەستی راڤەی بەرهەمەکانی خۆم بووم، پێشەکییەکەم بەم شێوەیە درێژە پێدا: "لەو ریزبەندیی چنینی چیرۆکـەکـان سـەرم سوڕمابوو، چونکـە زانیبووم ئەو کوڕەی کە مل دەنێتە بەر ملی "ئیچ.جی.وێلز" و کۆتر ڕاو دەکـا، لاوتر لـەو کـوڕەیە کـە بـە "تێلمـا لـوتس" دەڵـێ نـابێ برۆکـانی هـەڵگرێ. بـەڵام گـەورەبـوونی ئێمـە بـە پێـی مـەنتیـق و ریزبـەندییـەکی تایبـەت نییـە، گـەورە بوونـی ئێمـە پرۆسـەیـەکە کـە لـە کۆمـەڵگا هێـور تـر لـە نـاو مێشکی ئێمە دا روو دەدا".

کاتێـك کـە نووسـەرـ هـەڵـەچنێـك چیرۆکـەکـانی خـۆی دەپـشکنێ، هـەمـوو جـۆرە تێپـەڕیـن و گواستنەوەی جـوان و واتـادار و بـەریانـەکـانی ژێـرەوە دەبینـێ: وێـدەچـێ هـەر بـەشـێك لـە چیرۆکەکان، دەتوانێ لە ئاستی چیرۆکێکی سەربەخۆ دا بێ. چیرۆکیچك کـە ئـەویش بـەشێکە لـە حیکایەتێکی گەورەتر. ئەو ژیانانەی کە لەو لەتانە پێك دێن کە لە ئەزموونەکان جیا بوونـەتـەوە و بە هۆی هێزی خەیاڵسازییەوە دەبنە داڕشتەگەلێکی ناکەسێنی.

کاتێك کـە لـە سـاڵی 2002 دا بـەرهـەمـە سـەرەتاییـەکـانی خـۆم دەخوێندەوە، لـە هیـوا بـە پێکهـاتنی ئاشتی و ئاسایش بۆ عێراق لە چیرۆکـی "His Finest Hour" دا تووشـی سـەرسوڕمان بـووم. لە نرخی شتومەك لە ساڵەکانی 1950 و 60 دا کە بە شێوەیەکی قـەشـمەرییانـە لـە خـوارەوە بـوو سـەرم سوڕما. لە دووپات کردنەوەی وشەی "قولە رەش" کە ئێستاکە وشـەیـەکـی گومـان لێکـراوە دڵگران بووم بەڵام نەمکردە "رەشە". نووسەری چیرۆك ئیزنـی هـەیە کـە لـە زمـانی سـەردەمـی خۆی کەڵك وەربگرێ. بێ لایەنی وێژەیی لەو بوارە دا وەها ناسەقامگیر و لە حـاڵی گـۆڕان دایـە کە وشەی "رەش" کە وشەیەکی نـەگونجاوە، رەنگـە رۆژگارێك وەك وشـەی "قولـەڕەش" ببێتـە وشەیەکی گومـان لێکراو. "قولـەڕەش" بـە پێچـەوانـەی پێکهاتووی "پێست رەنگین"، لانـی کـەم وشـەیـەکـی مرۆناسـانەیـە کـە دەمخاتـەوە بیر وشـەی "قولـە" لـە سـەردەمـانی منـاڵیم دا کـە ژنـە گەڕاوەکان زۆر بە حورمەتەوە لە نابەرابەریی وێژەیی دا کەڵکیان لێ وەردەگرت.

چیرۆکـە سـەرەتاییـەکـانم تـا ئـەو رادەیـە تـەکنۆلۆژیـا لـە خـۆ دەگـرێ کـە ترۆمبیلـی گێـر (دەنـدە) ئۆتۆمـاتیکی شتێکی نـوێ بـوو و بـوونی مـەبـال لـە دەرەوەی مـاڵ تـا ئـەو کـاتیش وەك یـەکێك لـە تایبـەتمـەندییـەکـانی ژیـانی گوندنـشینی دەهاتـە ئـەژمـار. سـنووری زەمـەنیـی ئـەو چیرۆکـانـە، کۆمپیوتەری کەسێنی و مۆبایلی لە هەموو شوێنێك ئامادە لە خۆ ناگرن.

جیلی من کە سـەردەمانێك پێیان دەگوت جیلی "بێدەنگ"، لە بەشێکی بـەرچـاو لـە زۆرینـەی سپی پێستی دا، جیلێکی خۆش شانس بو. هەروەك لـە یـەکێك لـە چیرۆکـەکـانم دا ئـامـاژەم پـێ کـردووە: "ئەو جیلە بۆ شـەڕکـەر بـوون زۆر گـەنج و بۆ یـاخی بـوون زۆر پیر بـوو". ئێمـە لـە سـەرەتـای داکشانی ئابووری و لە کاتێکدا کە رادەی زاوزێی نەتەوەیی گـەیشتبووە کـەمترین ئاستی خـۆی، لە دایك بووین. لە ناو ئەندامانی جیلی ئێمە دا "تاقانە" یەکجار زۆر بوو و دایك و باوکە فەقیر و دەستپێوەگرەکانمان، ئێمەیان دەنارده کلاسی پیانۆ و پشتیوانی و ئاگاداریی ئەوان لـە ئێمـە لـەگـەڵ سنوور و بـەربەست رووبـەڕوو دەبۆوە. ئێمە لەو سەردەمی نەهاتییە دا، خوومـان بـە ئیش کـردن

گرت و لە سەردەمێك دا پێمان نایە گەورە ساڵییەوە کە ئیش کردن کردەوەیەکی پڕسود و بەقازانج بوو. لە سەردەمی لاوی دا یەکگرتوویی نیشتمان پەرەستانەمان تاقی کردەوە کە بەرهەمی شەڕی جیهانی دووەم بوو بە بێ ئەوەی کە ئەزموونمان لەو شەڕە هەبێت.

جیلی من ئەوەندە دڵپاك و هیوادار بوو کە دەست بداتە چالاکیگەلی ئارمانجخوازانە و زوو زەماوەند بکا و ئەوەندە پراگماتیست (اقیع بین، کردەوەخواز) بوو کە بە بێ خەیاڵییەکی تایبەتی ئەمریکییەکانەوە، لەگەڵ لەناوچوونی سەلمێنراوە کۆنەکان رابێ. سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش، ئەگەرچی لە زۆربەی ئەو کەمایەسییە ماددی و مەترسییە ئایینییانەی کە بەرۆکی دایك و باوکەکانمانی بەرنەدەدا، رزگامان ببوو و ئەگەرچی لە سەرچاوە داراییەکانی جیهان بەشێکی بەرچاومان پێ دەبڕا، ئێمە بەردەوام دیلی ئەو شتە بووین کە "فرۆید" ناوی نابوو "ناشادومانیی سروشتیی مرۆڤەکان."

بەڵام مەگەر تا ئێستا "شادومانی" بۆتە بابەتی چیرۆك؟ گەڕان بە شوێن "شادومانی" دا، تەنیا وەك گەڕانێك دەمێنێتەوە و هیچی تر. مردن و چەکدارەکانی، ماڵیات دەخەنە سەر هەموو ئیشێك. خاوەنی شتێکی بەڵام حەسرەتی بونی شتێکی تر دەخۆی و هەر ئەوەش بایەخی ئەو شتەی کە هەتە لە ناو دەبات. نارەزایەتی، دژایەتی، بە فیڕۆدان، پەژارە، ترس، ئەوانە بابەتگەلێکی بەنرخ و حاشاهەڵنەگرن. بەو حاڵەشەوە وەك بایەخێکی شاراوە، لە ناو دڵمان دا چاوەڕوانی شادومانیین. بە وتەی "وردزۆرس": "رووناکیی فوارە ئاسای هەموو رۆژمان."

لە کاتی سەر لە نوێ خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە، هەستم بە نەبوونی شادی لە نلو ئەوان دا نەکرد. ئەگەرچی هەستی شادی لە چرکەساتیچك دا ساز دەبێ نەك بە درێژایی مانگێك. هەروەها لە هەناوی ئەو کەسایەتییانەی کە تووشی ژان و ئازاری تایبەت بە مرۆڤن، هەستم بە نەبوونی عاتیفە و نیاز پاکی نەکرد. هونەر بە هیوایە کە بە خوڵقاندنی شاکار خۆی لە لەناوچوون رزگار بکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە خۆی تووشی لەناوچوونێکی هێورتر دەبێ: کاغەز زەرد دەبێ، زمان کۆن دەبێ و هەواڵگەلی ئەزموندەر، لە ئاستی کۆمەڵگا دا دەبن بە هزرێکی گشتی.

لە کاتی ئەو پێداچوونەوە پڕ زەحمەتە دا، نەمتوانی بیر لە گۆڤاری نیۆیۆرکێر و بەرپرسەکانی نەکەمەوە. گۆڤارێکی مەزن کە لەو دا بابەتەکانب من لە پەنای بابەتی گەلێك کەسی تر چاپ دەکرا. ئەوان لە خزمەت خوێنەرگەلێك دا بوون کە ئێستا تێکەڵ بە مێژوو بون. سەرجەم ئەو سەندووقە پۆستانەی کە لە ژێر سێبەری دارەکانی غان لە شاری "کانکتیکوت"، هەموو حەفتەیەك، ژمارەکانی نیۆیۆرکێریان وەردەگرت کە دەربڕی بۆچوون و بیر و ڕای "ویلیام شائوون" لەمەڕ سەرگەرمی و پەروەردە بوو. ئەگەر ویلیام شائوون بەرهەمەکانی منی پێ خۆش نەدەبوو چیم بە سەر دەهات؟ بە پارەی نووسینەکانی سەرەتاییم توانیم ماشێنێك بکڕم. ئەگەر نیۆیۆرکێر نەبوایە دەبوایە بۆ هەموو شوێنێك بە پیاسە رۆیشتبام. بە بێ نیۆیۆرکێر، بە دڵنیایی یەوە من هەر وەك نووسەر دەمامەوە بەڵام ئەو هەموو چیرۆکەم لێ بەجێ نەدەما.

من چیرۆکەکانم بە ماشێنی نووسین دەنووسییەوە و لە سەرەتای شەستەکان دا کە خاڵی سەرەتای ئیشەکەم بوو، لە شوێنێکی ئیداریی یەك ژوورە کە لە ئیپسۆویچ بە کرێم گرتبوو دەست بەکار بووم. ئەو ژوورە لە سەر رێستورانتێکی بێدەنگ و لە نێوان پارێزەرێك و سەرتاشخانەیەك دا

هەڵکەوتبوو. لای نیوەڕۆ بۆنی چێشتی ڕێستوورانتەکە لە قاتەکانی سەرەوە بڵاو دەبۆوە بەڵام من هەوڵم دەدا کاتژمێرێکی تریش لە بەرامبەر برسێتی تا خۆڕاگرم و ئیشەکەم بەڕێوەبەرم، تا ئەوەیکە سەرئەنجام شێواو و بە پەلە بۆ خواردنی ساندویچێك لە پلیکانەکان دەچوومە خوار. لەو ژووره دان تاکە ئەرکی من گێرانەوە و وەسفی واقعییەت بوو هەر بەو شێوەیەی کە دەمدیت و ئەوەی کەبە جوانی رێز لە شتە ئاسایی و نەزۆر گرینگەکان بگرم.

****************

Rojhalat